# گەڕاوەتەوە نەمردووە

میترۆگرافی/ جولی عەدنان

ئێمە بەڕێوەبووین بۆ هەڵەبجە، ڕادیۆی ناو تەکسییەکە هەواڵەکانی دەخوێندەوە، یەکەم هەواڵ (کوڕێکی هەڵەبجەیی دوای ۲۱ ساڵ بەباوەشی دایکی شاد بووەوە).

**٤ ی دیسەمبەر**

ئاهەنگی شادبوونەوەی زمناکۆی ۲۱ ساڵە بەدایكو کەسەکانی.

هەڵەبجە قەزایەکی کوردستانی عێراقە، کەساڵی ۱۹۸۸ ڕژێمی بەعس بەچەکی کیمایی کیمیابارانی کردن، نزیکەی پێنج هەزار کەس لەئەنجامدا بوونە قوربانی.

(لەکیمیابارانەکەدا کۆمەڵێ منداڵی زۆر بێسەروشوێن بوون، تا ئێستا نزیکەی (٤١) منداڵ کەسوکاریان ناونوسیان کردوون.) ئەمە قسەی کامل محەمەد بووکە قسەکەری ڕەسمی کۆمەڵەی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجەیە.

(عەلی) کەناوی ڕاستەقینەی واتە ئەو ناوەی کەدایكو باوکی لەهەڵەبجە ناویان ناوە (زمناکۆ)یە، یەکێك بوو لەو ونبووانە، بەڵام ئێستا دۆزراوەتەوە.

فاتیمەی دایکی زمناکۆ وتی: (من هیچ منداڵێکم نەمابووهەموویان لەکارەساتەکەدا لەگەڵ باوکیاندا نەمان، بەڵام ئێستا عەلیم بۆ گەڕاوەتەوە)

(ئەمشەو لەماڵی ئێمە تەعزیەك دانرابوو چونکە تائێستا برایەکی دایکم کە (۳) ساڵان بووە دیارنییە، هەرچەندە دایکم (۷) خوشكو برای شەهید بوون بەڵام یەکێکیشیان بێ سەروشوێنە) ڕاستی ئیبراهیم وای وت.

گوندی کوڵکن خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئاهەنگێگ بەبۆنەی گەڕانەوەی زمناکۆوە.

گوندی کوڵکن نزیکەی (۱٥) کم لەهەڵەبجەوە دوورە، زمناکۆ و دایکی بەڕێوەن بۆ گوندەکەی زێدی







باوباپیرانی زمناکۆ.

تۆفیق ئەحمەد کەیەکێك بوو لەئامادەبووانی ئاهەنگەکەپرسی: (تۆ بڵێیت زمناکۆ لەگەڵ جەوی کوردستاندا ڕابێت؟ ئەو هەموو ژیانی لەئێران بەسەربردووەو تەنانەت کوردیش نازانێت!)

واسەیارەکان دەرکەوتن، هەر لەدوورە گوێت لەگۆرانی هەورامی دەبێت، کوڕو کچ چکلێت بەسەر زمناکۆدا هەڵدەدەن

ڕوقیەی ئامۆژنی زمناکۆ وتی: (ماچی مەکەن ئەوەندە هیلاکی مەکەن)

(گریان تەواو ئیتر هەڵپەڕن) گۆرانیبێژێکی میللی ئەمەی وت بۆ ئەوەی خێرا تەپوتۆز لەوناوە دروست بێت بەهەڵپەڕکێ.

خوێنی ئەو مانگایەی بەبۆنەی هاتنەوەی زمناکۆوە سەربڕڕابوو لەژێر پێیەکانیاندا بوو، خەڵکێکی زۆر کۆمەڵیان لەزمناکۆ کردبوو.

(لێی بگەڕێن با هەوای شارەزوور لێی بدات، چەند ساڵە ئەو هەوای ئێران هەڵدەمژێت.) ڕوقیەی ئامۆژنی هاواری دەکرد.

لەپشتی خانووەکەشەوە مەنجەڵە گەورەکان خرابوونە سەر ئاگرو چێشتیان تیا دەکولا. گوندەکە چواردەوری بەشاخ‌و دارو درەخت دەورەدراوە، لوتکەی شاخەکانیش بەفریان پێوەیە، بۆنی گیاو ئاژەڵ‌و عەتریش تێکەڵ بووە.

زمناکۆ (عەلی) جلی کوردی شاڵی لەبەردایە، دایکی وەستاوەو خەڵکی بەڕیز دێن ماچی دەکەن‌و پیرۆزبایی لێدەکەن، منیش لەو ڕیزە وەستاوم تا بگەمە ئەوێ‌و دوای پیرۆزبایی پرسیارێکی لێ بکەم.

(ئەبوایە من ئێستا لەخۆشیدا بمردمایە) ئەمە وەڵامی فاتمەخانی دایکی بوو بۆ پرسیارەکەم.

یەکێك لەو کچانەی وەستابوون و سەیری هەڵپەرکێکەیان دەکرد هات بۆلای من و وتی: (ئەمشەو تا سەعات (٣) عەلی نەنوستووە، چووەتە ژێر جێگەکەی دایکی‌و زوو زوو هەڵساوەتەوەو سەیری دایکی کردووە بەنوستوویی‌و ماچی ناوچەوانی کردووە) ئەو کچە کەناوی (زریان)ە، ئامۆزای زمناکۆیە و تەمەنی (١٤) ساڵە.

لەگەڵ زمناکۆ پیاوێکی باڵا بەرزی ئێرانی هەڵدەپەڕی، ئەم پیاوە حەبیب حەمید پور، خاڵی ئێرانی عەلی بوو. ئەو وتی: (ئێمە لەهەموان خۆشحاڵترین، ئاخر

گوندی کوڵکن له پێشوازی و ئاهەنگی زمناکۆدا









ئێستا دوو خێزانمان هەیە.)

لەگەڵ زمناکۆ، دوو خاڵو پورێکی لەئێرانەوە هاتوون، دایکەکەی ئێرانی ئەو پێش (٤) مانگ بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە مردووە. زمناکۆ وتی:

(من لەدوای مردنی دایکم زۆر دڵم تەنگ بوو، نەمتوانی چیتر بەدوای دایکە ڕاستەقینەکەم نەگەڕێم.)

ئەو ماڵەی زمناکۆیان پەروەردە کردووە لەتەمەنی ٦ ساڵیدا بردوویانە بۆ لای پزیشکی دەروونی‌و پرسیاریان لەپزیشکەکە کردووە کەلەم تەمەنەدا بەعەلی بوترێت دۆزراوەتەوەو خەڵکی هەڵەبجەیە یاخود کە گەورە بوو، لەوەڵامدا بڕیاریانداوە هەر بەمنداڵی پێی بوترێت.

زمناکۆ پێش ساڵێك پەیوەندی کردووە بەڕێکخراوێکەوە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوەو ناوی خۆی لەوێدا بەمنداڵێکی ون بووی هەڵەبجە نوسیووە.

پاشان کاتێك (چنار سەعید) وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدان و ئەنفال دەچێتە ئێران، ئەو ڕێکخراوە دەچن بۆلای‌و باسی عەلی دەکەن.

(پاش گەڕانێکی زۆرو دوودڵییەکی زۆرتر لەڕێگەی پشکنینی DNA وە دەرکەوت کوڕی من) فاتمەخان وای وت.

**٧ ی دیسەمبەر**

زمناکۆ و دایكو پوور و خاڵو مامەکانی گەیشتنە هەڵەبجە، ئەمڕۆ بۆ بینینی ماڵە کۆنەکەی خۆیان دەڕۆن، ئەو ماڵەی کەباوكو براو خوشکەکانی تیایدا مردوون، ئەم ماڵە ئێستا خەڵکی تری تیا دەژی، دایکی زمناکۆ بەدرێژایی ڕێگە چیرۆکی چۆنێتی نەمانی ئەوانی بۆ زمناکۆ دەگێڕایەوە (دایکە باوکم لەکوێدا مرد؟) زمناکۆ پرسی. دایکیشی وتی: (باوکت هەر لەحەوشەکەدا کەوتووەو منیش پاش ماوەیەك ئاگام لەهیچ نەماوە.)

زمناکۆ نەیتوانی لەماڵەکەیاندا زۆر بوەستێ، داوای لەدایکی کرد کەبچن بۆ گۆڕستانی شەهیدانی کیمیاباران.

من پێشتر چووم بۆ ئەوێ‌و ناوی (زمناکۆ)م لەسەر یەکێك لەقەبرەکان دۆزیەوە. زمناکۆش لەگەڵ یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی ناوی نوسرابوو.

دواجار عەلی(کە ئیتر بووەتەوە زمناکۆ) وتی:

ئێستا ئەبێت دوای ٢١ ساڵ لەسەر ئەم گۆرە بنوسرێت:

تێبینی: گەڕاوەتەوە نەمردووە.




